# شەڕی براکوژی دەکرێتە ڕۆمان




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

محەمەد کەریم، چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناونیشانی (دێو بەهمەن) چاپ و بڵاوکردەوە کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆژانی شەڕی ناوخۆیی کوردستان.

محەمەد کەریم، بە (ئەدەب و کولتوور)ی ڕووداوی ڕاگەیاند: «ڕۆمانەکە باس لە زامە قووڵەکانی شەڕی ناوخۆ و ناڵە و هاواری قوربانییەکانی ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرە دەکات. گوزارشت لەو ساتەوەختە ناخۆشە دەکات کاتێ بە کەسێک دەگوترێت چەند کاژێرێکی دیکە گوللەباران دەکرێی، لەکاتێکدا هیچ تاوانێکی نەکردووە. مرۆڤ لە ساتێکی وەها ناسک و ئاڵۆزدا هەست بەچی دەکات؟ ئایا تەسلیمی مەرگێکی ناوەختە دەبێت یان بەرگریی دەکات و خۆی بە دەزوولەی هیوادا هەڵدەواسێ؟».

هەروەها دەڵێت «ڕۆمانەکە بە ساتێکی پڕ لە ئازار دەستپێدەکات. وردە وردە ڕووداوەکان گەشە دەکەن و پەل دەهاوێن بۆ ڕووداوی دیکە و خوێنەر دەخەنە دڵەڕاوکێیەکی سەیرەوە کە دەستی لەسەر دڵیەتی و بە شەوقەوە دوای ڕووداوەکان دەکەوێ و چاوەڕێ دەکات بزانێ چارەنووسی دێو بەهمەن چی دەبێت».

ئەم ڕۆمانە چوارەمین کتێبی محەمەد کەریمە، پێشتریش کۆمەڵە چیرۆکی (خەونی سپی)، ڕۆمانی (من هەمیشە نیگەرانم)، هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی (وەرزی دروێنەی فریشتەکان)ی نووسیوە.

**ڕۆمانەکە باس لە زامە قووڵەکانی شەڕی ناوخۆ و ناڵە و هاواری قوربانییەکانی ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرە دەکات**

# کتێبێک لەبارەی میتۆدۆلۆژیا و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(میتۆدۆلۆژیا و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی)، کتێبێکی نوێی د.فوئاد ڕەشید، نووسەر و لێکۆڵەرە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێرەوە بڵاوکرایەوە.

د.فوئاد ڕەشید، بە (ئەدەب و کولتوور)-ی ڕووداوی ڕاگەیاند: "ئەم هەوڵە سەرەتاییە ئاماژەکردنێکە بۆ تەنگژەیەکی مەعریفیی گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی بەگشتی و لەناو بازنەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی، لەم بازنەیەشدا پتر مەبەستم ڕووبەرە ئەکادیمیەکەیەتی".

گوتیشی: "لە زاکۆکانی کوردستاندا، لە ساڵی 1989 وە تا ئەمڕۆ، نزیکەی 200 نامەی ماستەر و دکتۆرای بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێشکەشکراون، لە زۆربەی ئەم نامانەدا چەندین کێشەی میتۆدۆلۆژی هەیە، لەلایەک لقەکانی ئەدەبناسی – بە هەڵە- تێکەڵی بابەتی میتۆدبەندیی کراوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئامادەبوون و نەبوونی میتۆدی ڕەخنەیی بۆخۆی لەخۆیدا، ڕواڵەتێکی دیکەی ئەم کێشەیەن".

بەڕای ئەو "ئەم تەنگژە میتۆدۆلۆژییە، ئەوە دەخوازێت کە لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کورد، وردتر و قووڵتر لە بابەتی میتۆد و میتۆدگەرایی بڕوانێت. لەو ڕوانگەیەوە کە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی زادەی واقیعێکی شارستانی و قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراون، بۆیە پێویستە ڕەخنەگر شارەزای سیما و بنەمای ڕوانینی فەلسەفی و ئیستاتیکی ئەو میتۆدە بێت کە بە نیازە کاری لەسەر بکات".

فوئاد ڕەشید ساڵی 1964 لە کەرکووک لەدایک بووە، ساڵی 1988 بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی تەواو کردووە، 1996 ماستەری لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە و ساڵی 2004 دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.

نووسەر ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە: (ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی)، (ناسنامەی دەق)، (دەقی ئەدەبی ئادگار و چێژ و بەها) و (بونیادگەری لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا) و (ڕووبەرێکی ڕەخنەیی).




# کتێبێکی دیکەی عارف قوربانی دەکرێتە فەڕەنسی

■ ئا: سیروان عەباس

کتێبی «ئەو سایەق شۆفلە عەرەبەی بەشێک لە ئەنفالەکانی داپۆشی» دوای ئەوەی بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی چاپ و بڵاوکرایەوە، ئێستا وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی فەڕەنسی و بەم نزیکانە چاپ دەکرێت.

عارف قوربانی، نووسەری کێبەکە بە (ئەدەب و کولتوور)ی ڕووداوی ڕاگەیاند: «کتێبەکە لە 100 لاپەڕە پێکهاتووە و چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ بەرپرسێکی پێشووی حیزبی بەعس کە بەدەستی خۆی چاڵی بۆ ئە نفا لکر د نی کورد هەڵکەندووە و کەسێکی نزیکی عەلی حەسەن مەجید بووە».

عارف قوربانی کە لە ساڵی 2003 ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ بەرپرسەکەی حیزبی بەعس تۆمار کردووە، دەڵێت «پێشتریش یەکەمین کتێبم بەناوی «تەیمووری ئەنفال» کراوەتە فەڕەنسی کە یەکەمین کتێبیش بوو لەبارەی جینۆسایدی کورد وەربگێڕدرێتە سەر ئەو زمانە، کتێبی (ئەو سایەق شۆفڵە عەرەبەی بەشێک لە ئەنفالەکانی داپۆشی) دەبێتە دووەم کتێبی ئەو بوارە بە زمانی فەڕەنسی کە هەردووکیان لەلایەن شوکر بایزەوە وەرگێڕدراون».

عارف قوربانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، ساڵی 1970 لە سنووری کەرکووک لەدایک بووە. بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە ڕاگەیاندن هەیە، پێشتر ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. ئێستا وەکو نووسەری بێلایەن لە بواری جینۆساید دەنووسێت. تاوەکو ئێستا 40 کتێبی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە.



**کتێبەکە چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ بەرپرسێکی پێشووی حیزبی بەعس**

# (کۆماری وەك ئەوەی) عەلا ئەسوانی

◄ بۆتان لەتیف عەبدولقادر



(کۆماری وەک ئەوەی) ناونیشانی رۆمانێکی رۆماننووسی میسری (عەلا ئەسوانی)یە لە بارەی شۆڕشی 25ی یەنایەری 2011 لە میسر و رۆژانی دواتری. تێیدا رووداو و بەسەرهات و خەون و خولیای ئەوکاتی گەلی میسر نیشاندەدات. رۆمانی (کۆماری وەک ئەوەی جمهوریە کان) دەسەڵاتی ئێستای کۆماری میسر و نووسەری لەیەک کرد، چونکە لە میسر رێگایان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی نەدا، بۆیە لە لوبنان لەلایەن دەزگای ئاداب چاپ و بڵاوکرایەوە. نووسەر لە هەژماری تویتەری خۆی نووسیبووی: "رۆمانە نوێیەکەم، پشتیوان بەخوا لەلایەن دەزگای ئاداب لە رۆژی 11/2/2018 بڵاودەکرێتەوە". زۆر کەس پێیانوابوو هەڵبژاردنی ئەو رۆژە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆمانەکە پەیوەندی بە ناوەڕۆکەکەیەوە هەیە، چونکە لەو رۆژەدا سەرۆک کۆماری میسر حوسنی موبارەک لادرا.

نووسەر هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتی ئێستای کۆماری میسر بە سەرۆکایەتی عەبدولفەتاح سیسی کە ئەو بە دیکتاتۆر و چەوسێنەر و لەناوبەری ئازادی و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەزانێت. ئەگەرچی پێشتر رۆماننووس پشتیوانی لە خۆپیشاندانی 30ی تەمموزی 2013 کرد کە بە رابەرایەتی سیسی و دامەزراوەی سەربازیی ئەو وڵاتە رێکخرا بۆ خستنی یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی مەدەنی (محەممەد مورسی) کە سەر بە ئیخوان موسلیمین بوو. نووسەر پێشتریش لە ساڵی 2014دا بابەتێکی بە ناونیشانی (بڕووخێ کۆماری وەک ئەوەی) نووسی و تێیدا هێرشی کردە سەر ئیخوان و پێیگوتن: "تەنیا

# پێرڵ بەك..

## منداڵێك لە هەویری حیكمەت و ئەفسانە

◄ نووری بێخاڵی



### ئەمریکییەک بە باکگراوندی چینییەوە

ژنە نووسەر و رۆماننووسی ئەمریکی پێرڵ سیدێنستریکەر بەک، ساڵی 1892 لە شاری هیڵسبۆرۆ لە ویلایەتی ڤێرجینیای ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایک بووە. تەمەنی پێنج مانگ بووە ئەوکاتەی لەگەڵ دایک و باوکی کە موژدەبەری ئاینی بوون، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی، روویان لە چین کردووە. بەک منداڵیی خۆی لەوێ ژیاوە و هەر لەوێ چووەتە بەر خوێندن و فێری زمانی چینی بووە. پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، گەڕاوەتەوە ئەمریکا و ساڵی 1941 بەکالۆریۆسی ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە کۆلێژی راندۆڵف ماکۆنی کچان لە ڤێرجینیا وەرگرتووە، بۆ ماوەی ساڵێک لە هەمان کۆلێژ وەک مامۆستای فەلسەفە وانەی گوتووەتەوە، ساڵی 1973 لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە.

•••

### فزوڵی فێربوون!

دایک و باوکی پێرڵ بەک خوێندەوار بوونە، بۆیە زوو کچەکەیان ناردووەتە بەر خوێندن و زۆر باشیش فێری زمانی چینی بووە. هەرچی زمانی ئینگلیزییشە، لەسەر دەستی دایکی لەماڵەوە و رۆژانە ئاشنای بووە.

ئەو بەو پەروەردە کۆمەڵایەتی و ئاکارییە چینییە گۆش کراوە کە وا لە منداڵ دەکات هەست بە دڵنیایی رۆحی و دەروونی و ئاسایشی ناوەوەی خۆی بکات. لەگەڵ ئەم پەروەردەیەدا، ئاشنای رۆشنبیری و کەلەپووری رۆحیی هیندی بووە، هاوکات شتگەلێکی گرنگ لە مێژوو و کولتووری چینی فێر بووە، وەک فەلسەفەی کۆنفۆشیۆس و حیکمەتی چینی، بەتایبەتی ئەو حیکمەتەی کە پەیوەستە بە رێسا و بنەڕەتی ژیانی مرۆڤ.

ئەوەی لەبارەی بەکەوە دەگوترێ، هەر لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنەوەی چیرۆک و ئەفسانە بووە. بەوپێیەش کە لە نزیکەوە ئاشنای سرووشت و ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و دابونەریتی چینییەکان بووە، زۆر سەرسامی دابونەریت و مێژووی گەل و وڵاتەکە بووە و لەو بارەیەوە دەڵێ: "زۆر فزوڵی بووم، دەمەویست لە نزیکەوە ئاشنای خەڵکەکە بم، وردەکاریی ژیانیان، پەیوەندییەکانیان، دابونەریتیان. بە ماوەیەکی کەم فێری زمانەکەیان بووم، ئەفسانەکانی- تاو-ی و بوزی و خوداوەندەکانی چینیم ناسین، تا ئەو ئاستەی وەک ئەوەی یەکێک بم لەوان، ئاوا بووم".

•••

### چین، کانیی داهێنان!

بەک کە یەکەم ژنە نووسەر و رۆماننووسی ئەمریکییە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە، رۆمانی (بایەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا- 1928)، نۆبەرەی کارە ئەدەبییەکانی بووە. ئەو ماوەیەی لە چین ژیاوە، جگە لە وەرگێڕانی کتێبی (هەموو پیاوەکان براران)، هەشت رۆمانی دیکەیشی نووسیون. ئەو کە هەر لە تەمەنی گەنجییەوە دەستی داوەتە نووسین و جگە لە رۆمانی (خاکی باش، یان شیرین- 1931)، خاوەنی خەرمانێکی دەوڵەمەندی رۆمانە: (کوڕەکان، ماڵی دابەشبوو، تۆوی دراگۆن، شوێنی ژنان، شەپۆلی گەورە، نامەیەک لە پەکینەوە، مردن لە قەڵا، هاوسەری یەکەم، تراژیدیای دایکێک، شانۆگەرییەکان، جیهانیی من، ئەو کوڕەی گەورە نەبوو، دڵی شاناز، خۆشەویستیی تاقانە، ئاسمانی چین و....)، ژیانی کۆمەڵگای چینی سرووش و سەرچاوەی زۆربەی نووسینەکانی بووە. ناسین و ئاشنایەتیی قووڵیشی بە کۆمەڵگای چینی، وای کرد کە رۆمانەکانی بکاتە پردی بەیەکدی ئاشناکردنی چین و ئەمریکا و پڕکردنەوەی بۆشایی جیاوازییە فیکری و کولتوورییەکانی نێوان هەر دوو ژینگەکە، هەر بۆیەشە نازناوی (ژنە نووسەرە چینییەکە)ی بەسەردا براوە و تا ئێستاش لە جیهاندا وەک نووسەری جوانترین رۆمانەکان دەربارەی ژیانی چین دەناسرێ.

•••

### نۆبڵ و نارەزایی!

بەک لە ساڵی 1936 دا بووەتە ئەندامی پەیمانگای نەتەوەیی بۆ هونەرەکان و ئەدەب لە ئەمریکا، بەر لە خەڵاتی نۆبڵ، چەندین خەڵاتی تری لەپای نووسینە ئەدەبییەکانی و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی چین و رۆژئاوا وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتەکانی (پۆلیتزەر- 1931) و (مەدالیای دین هویڵز بۆ رۆمانی سەرکەوتوو- 1935) و (مەدالیای ئەمریکی بۆ هونەرەکان و ئەدەب – 1965).

بەهۆی رۆمانی (خاکی باش) بووە یەکێک لە دیارترین و ناسراوترین ژنەکانی سەدەی بیستەم و وەک یەکەم ژنە نووسەری ئەمریکی و لەپای بەرهەمەکانی، ساڵی 1938 خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت.

لە رۆژی یەکەمی بڵاوبوونەوەی رۆمانەکەدا، سەدان هەزار دانەی لێ فرۆشرا و وەک حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراویش، ساڵی 2004 هاتەوە ریزبەندی پرفرۆشترین کتێبەکانی ساڵ. ئەو رۆمانە کە وەرگێڕدراوەتە سەر سی و پێنج زمانی جیهانی، ساڵی 1932 کراوەتە شانۆگەری و تەنیا لە ماوەی ئەو ساڵەدا، 56 جار نمایش کراوە. رۆمانەکە ساڵی 1937 کراوەتە فیلمی سینەمایی و پێنج خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی باشترین ئەکتەر بۆ (لویز رینیز) لە رۆڵی ئۆلان و خەڵاتی باشترین وێنەگری سینەمایی.

رۆمانەکە ساڵی 2004 دووبارە بووەوە جێی سەرنجی خەڵک، کاتێ لە بەرنامە بەناوبانگەکەی (ئۆپرا وینفری) خرایە بەرباس و وەک ئەندامی یانەی ئۆپرا بۆ کتێب دەستنیشان کرا. وێڕای ئەم ناوبانگ و سەرکەوتنەی رۆمانەکە و کارەکانی دیکەی بەک، کەچی ئەو کاتەی هەواڵی بەخشینی نۆبڵ بەو ژنە رۆماننووسە بڵاوبووەوە، زۆر لە ئەدیبان و نووسەرانی ئەمریکی دژی بڕیارەکە وەستانەوە و دەستیان دایە هەڵمەتێک لە دژی نووسەرەکە و بانگەشەی ئەوەیان کرد کەوا هیچ ژنێک لە ئەمریکا نییە، شایستەی ئەو خەڵاتە بێت.

•••

### بەریەککەوتن و بەرگری!

رۆمانی بای رۆژهەڵات و بای رۆژئاوا کە نۆبەرەی کارەکانیەتی، بەردی بناغەی پرۆژەکانی ئەو ژنە رۆماننووسە بەرەچەڵەک ئەمریکی و بە پەروەردە و پاشخان چینییەیە بۆ نزیککردنەوەی ئەو دوو جەمسەرەی دونیا، لە ئاستە کولتووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەیدا لە یەکتر. لە رۆمانەکەدا چین رۆژهەڵات و ئەمریکاش رۆژئاوایە، شانۆی رووداوەکانی رۆمانەکە، سەرزەمینی چین و رۆژئاوای ئەمریکایە، کاراکتەرەکانیش بە هەمان شێوە. سەرەڕای ئاستی بەرزی گێڕانەوە، خاڵێکی سەرنجڕاکێشی رۆمانەکە کە پەیوەندی بە وریایی نووسەرەکەوە هەیە لە هەڵبژاردنی رێگەچارەی پەیوەندییەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئەوەیە کە هەردوو دیوی جوگرافی و کولتووریی ناو رۆمانەکە لە چوارچێوەی پێشکەوتنی ژیان لە چین بەرهەم دەهێنرێنەوە. بە مانایەکی تر، جوانی و کەمەندکێشیی ئەم دوو جەمسەرە جیۆکولتوورییە و خودی رۆمانەکەش خۆی، لە میانی پێشکەوتنی ژیان و کۆمەڵگای چینی دەردەکەوێ، بەوەی سەرەڕای کاریگەری رۆشنبیری رۆژئاوایی و بەتایبەتی ئەمریکی بۆ سەر ئەم وڵاتە، کەچی پابەندیی کۆمەڵگا بە بنەما رۆحییەکانی و دەستگرتن بە بەها کولتوورییەکانی بە جۆرێکە، لە باری رۆحیدا نەیتوانیوە شوناسی رەسەنی کۆمەڵگا و کولتوورەکە کاڵ بکاتەوە.

•••

### خاک، وەک رەگەزی مانەوە

جووتیارێکی هەژار، گرێدراوی زەویەکەیەتی و خۆشیدەوێ، جووتیارێک لەپێناوی زەویەکەیدا خۆی لە سەرقاڵکردن و ماندووبوون بە ژیان و خۆشگوزەرانی دەبوێرێ و تا مردن بۆ پارچە زەوییەکەی دڵسۆز دەبێ. ئەمە کرۆکی رۆمانی (خاکی باش)ـە، بەڵام لە ئاستێکی باڵای گێڕانەوە و بە زمانێکی ئەفسووناوی و قووڵ لەڕووی فیکری و مێژوویی.

بەک کە باوەڕێکی زۆری بە چینی جووتیارانی چین هەبوو، ئەوانەی ٪85ی کۆمەڵگاکەیان پێکدەهێنا، ئەو رۆمانەیشی بۆ خۆشەویستی و پەیوەندیی قووڵ و رۆحیی نێوان مرۆڤ و خاک تەرخان کردووە. رووداوەکانی رۆمانەکە بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێنەوە، ئەو کاتەی چین بە بارودۆخێکی سیاسیی تایبەت و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فیکریدا رەت دەبوو. ئەو دەمانە نووسەر بۆ خۆیشی لەو وڵاتە دەژیا و لەبارەی پاڵنەرەکانی نووسینی رۆمانەکەوە دەڵێ: "ئەو سەردەمەی تیایدا لەدایکبووم و گەورە بووم، هاوکات ئەو بەهرانەی وایان کرد ببمە نووسەر، هانیان دام بە قووڵی و کراوەیی بژیم. ئەم شێوە ژیانەش نەک هەر لە چوارچێوەی ماڵ و خێزانەکەمدا، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، بە مانای رۆچوونە ناو وردەکاریی ژیانی گەلان". ئەوە بۆیە بەشێک لە رەخنەگرانی ئەدەبی لەبارەی بایەخی ئەو رۆمانەوە گوتوویانە: "ئەم رۆمانە بە تەنیا گەورەترین رۆمان نییە کە باسی ژیانی چینییەکانی کردووە، بەڵکو باشترین رۆمانێکیشە کە پێویستە نەوەکان پێی ئاشنا ببن".

•••

### دایک وەک سیمبولی بەخشندەیی و قوربانیدان

رۆمانی (تراژیدیای دایکێک)، وا لە خوێنەر دەکات نەک هەر هەست بکات بەشێکە لە رووداوەکان، بەڵکو هەست دەکات کاراکتەرەکان کەسی زێدە ناسراو و نزیکی ئەون و لەگەڵیدا، لە دەوروبەری دەژێن. لەو رۆمانەدا کە پڕ لە وێنەی ویژدانی و هەستی قووڵی مرۆیی و نموونەی کاراکتەر و کەسایەتیی جیاواز، سەرەڕای ئەوەی نووسەر لەبارەی ژینگەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە دەدوێ، بەڵام بەو گەمە زمانەوانییە جوانەی لە تەوزیفکردنەوەی ململانێ و خاڵە جیاواز و ناکۆکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەیڕەوی دەکات، بەو هونەرەی لەباری نزیککردنەوەی خاڵە هاوبەشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیەتی (سەرەڕای تایبەتمەندی و جیاوازیی شوێنکات)، بەو هەڵچوون و داچوونە سۆزئامێزانەی وێنایان دەکات، زۆر لێهاتووانە توانیویەتی وا بکات، کاتێ مرۆڤ رۆمانەکە دەخوێنێتەوە، خۆی و چیرۆکەکانی، خۆی و برینەکانی، خۆی و رووداو و کەسە نزیکەکانی دەوروبەری خۆی، لەناودا بدۆزێتەوە.

لە رۆمانەکەدا و لە میانی وێناکردنێکی وردی کەسایەتیی دایک، باس لە ژیانی گوندیی چین دەکات، دایکێکی میهرەبان و لەخۆبووردوو کە هاوشانی هاوسەرەکەی لە کێڵگەدا کار دەکات، کۆتایی رۆژیش بۆ چاوێریکردنی هاوسەرە جووتیارەکەی و منداڵەکانی تەرخان دەکات. بەک چ وەک مێیینە، چ وەک دایک، شارەزا و لێزانتر لە دەروونناسێک، پەردە لەسەر هەستە شاراوەکان هەڵدەداتەوە و توانایەکی لە رادەبەدەر لە شرۆڤەکردنی سروشتی ژن و هەڵچوونەکانی نیشان دەدات. ئەو لە قووڵاییەکانەوە، لە ناخەوە ئەو هەڵچوون و هەست و سۆزانە، وەک خۆیان، وەک ئەوەی لە خودی ژندا هەن و زۆرجار بۆ خاتری خۆشەویست و ئازیزەکانی دەیانشارێتەوە، دەتەقێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی بەهرەیەکی سەیری لە تەکنیکی گێڕانەوە، تەوزیفکردنەوەی رووداوەکاندا هەیە و لەناو رۆمانەکانیدا وا لە کەسایەتی دەکات، وەک ئەوەی بوونێکی زیندووی هەبێت و راستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر بکەوێتە قسە، کەچی لەم رۆمانەیدا بە گێڕانەوەیەکی ساکار، بەڵام بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش، دیمەنی رەنجەڕۆیی جووتیارە هەژارەکانی کۆمەڵگای ئەوکاتی چینمان بۆ وێنا دەکات، کە سەرەڕای کاری بەردەوام و رۆژانەیان لەناو کێڵگەکانیان، کەچی بە هۆی زۆریی ئەو باجەی بەسەریاندا سەپێنراوە، جگە لە برێکی کەم بۆ ژیانێکی مەمرەومەژی، دەسکەوت و داهاتێکی ئەوتۆیان لە بەرهەمەکانیان بۆ نامێنێتەوە.






گەلی میسر خاوەنی شۆڕشە، هەربۆیەش دانامرکێتەوە تا دەگاتە ئامانجەکانی.. ئەها، دەبینن خرۆشانی گەل ناوەستێت و هەموو میسر دەگرێتەوە، داوای مافەکانیان دەکەن و لەپێناویدا شۆڕش دەکەن، چونکە ئەوان لایەنگری ئایندە و داهاتوون، دوژمنەکانیان لەڕابردوودا دەژین، کێ دەتوانێت داهاتوو بوەستێنێ؟!...). ڕەنگە هەر ئەمە دەسپێکی نووسینی ڕۆمانەکەی بووبێت.

نووسەر لەبارەی ڕۆمانەکەیەوە دەڵێت: " (کۆماری وەک ئەوەی) مرۆڤ لەخۆدەگرێت لە هەر کوێیەک بێت، ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێک کەسایەتی و کاراکتەر لەخۆدەگرێت کە شۆڕشی یەنایەر بە باش یان خراپ کاریگەری بەسەریانەوە هەبووە. هەروەها لەبەرئەوەی قسەکە دەبارەی شۆڕشی 25ی یەنایەرە، بۆیە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ بەڵگە و دۆکیۆمێنت دەبینەوە کە ئەو کوشتارگە و زیدەڕۆییانەی لە میانەی شۆڕشی گەلی میسردا ڕوویانداوە، ڕەتدەکاتەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکار بێت بۆئەوەی دەزگاکانی چاپ لە میسر ترسابن و لەچاپدانیان ڕەتکردبێتەوە، ئەمەش شتێکە باش لێی تێدەگەم".

ئەم ڕۆمانە ناوەندی ئەدەبی و جەماوەری میسری ورووژاندووە ئەگەرچی لە میسر ڕێگەپێدراو نییە، ڕەنگە ئەم تامەزرۆییەش بەهۆی ئەو قەدەغەبوونەوەی بێت، وەکو دەڵێن: هەموو شتێکی قەدەغە مەیلی لەسەرە.

هەرچی پەیوەستە بە ناونیشانی ڕۆمانەکە، لە دوو وشە پێکهاتووە: (جمهوریە) کە بە واتای "کۆمار" دێت، هەروەها وشەی (کان) کە لە زمانی عەرەبیدا زۆر دەلالەت و واتەی هەن لەوانە: بەکاردێت بۆ لێکچواندن، گومان و دوودڵی، نزیکخستنەوە و هەروەها شاردنەوەی شت، ئەمانە سیما و ئاماژەکانیەتی، بەڵام بە واتای "وەک ئەوەی" دێت لە زمانی کوردیدا.

قسەی کۆتاییم دەربارەی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: سەبارەت بە قاهیرە و یەنایەر، سەبارەت بە مازن و ئەسما و لیوا عەلوانی و شێخ شامیل و زۆر کەسایەتی تریش، کە تابلۆی ڕەنگاڵەیی شۆڕشیان پێکهێنا. ڕۆمانێکی پێکەر و ترسێنەر و بەجۆشە، سەبارەت بە شۆڕش لە میانەی هاوپەیمانێتییەکی سەختی ستەمکارانە، بۆ گوتارێکی ئایینی و هەژمووندار و ڕاگەیاندنکارانە. (کۆماری وەک ئەوەی)؛ بە پێنووسی عەلا ئەسوانی ڕەنگە هەمان واقیعی کابوسیانەی هەبێت کە ڕۆمانی (1984)ی جۆرج ئۆرویل هێنایە ئاراوە.

هیوادارم لە زووترین کاتدا دەستمان بکەوێت و بزانین هات و هەرای ئەوێ ڕۆژێی شۆڕشگێڕان بە چین و توێژە جیاوازەکانەوە چۆن بووە لە میسر، ئەگەرچی من بۆخۆم لەو کاتدا بۆ خوێندن لە میسر بووم و نایشارمەوە کە ڕۆمانێکم دەربارەی نووسیوە و هێشتا بڵاوم نەکردووەتەوە.

## کولتووری گەڕان و گەشتەوەری..

# خولیای گەشتی مرۆڤ لەسەر زەوییەوە بۆ دەرەوەی زەوی

سەنگەر زراری





مەرج نییە مرۆڤ خۆی بەشێوەی فیزیکی گەشت بکات تاوەکو هەست بە چێژی گەشتکردن بکات، بەڵکو دەشێ لە ڕێگای دیکەوە ئەم چێژە ببینێ، بۆ نموونە لە ڕێگای خوێندنەوەی گەشتنامەکان و تەماشاکردنی وێنەی جوڵاو و نەجوڵاو و دۆکیۆمێنتی گەشتەکان. بێگومان ئەمە هەمان چێژی ئەوەی نییە کە مرۆڤ خۆی گەشت بکات، بەڵام لە کاتی نەبوونی توانای مرۆڤ بۆ گەشت و گەڕان، خوێندنەوە و بەدواداچوونی گەشتنامە و فیلمەکانی گەشتنامە، دەرفەتێکی باشە تاوەکو مرۆڤ بە شوێنانی دیکە ئاشنا بێت و زانیارییان لەبارەوە وەرگرێ.

نەبوونی توانا و دەرفەتی گونجاوی گەشتکردن لای هەموو مرۆڤێک، یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕەگەزێکی ئەدەبیی وەکو "گەشتنامە" لە کولتووری مرۆڤایەتیدا. دیارە ئەو کەسانەشی توانای گەشت و گەڕانیان هەیە، مەبەستی جیاوازیان لە گەشتەکانیان هەیە، ئێمە لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر مەبەستەکانی گەشتکردنی مرۆڤ و ئەدەبیاتی نووسینەوەی گەشتنامە لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و پێشبینی گەشت و گەڕانەکانی مرۆڤیش بۆ داهاتوو.

### مەبەستەکانی گەشتکردن لای مرۆڤ:

گەشتەکانی مرۆڤ لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و هەروەها لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن، بەڵام بەپێی ئەزموونە مرۆییەکان و ئەو گەشتنامانەی لە کولتووری مرۆڤایەتیدا هەن، دەتوانین گرنگترین ئامانج و مەبەستەکانی مرۆڤ بۆ گەشتکردن بەم شێوەیە بژمێرین:

1- پاڵنەری ئایینی: زۆرێک لە باوەڕدارانی (سەر بە هەر ئایین و بیروباوەڕێک بن) بەمەبەستی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانیان گەشت دەکەن و زیارەتی کەسایەتییە ئاینییەکان دەکەن، بۆ نموونە حەج لە سعودیە لەلایەن موسوڵمانانەوە، یان سەردانی ئێزیدییەکانی جیهان بۆ لالش لە شارۆچکەی شێخان و...

2- پاڵنەری زانستی و خوێندن: لە کۆنەوە قوتابی و فەقێ و ئەو کەسانەی بە دوای زانست و زانیاریدا گەڕاون، ئەم شار و ئەو شار و ئەم وڵات و ئەو وڵاتیان بۆ گەڕان بەدوای زانستدا کردووە و ئەمەش تا ئێستا بە جۆر و شێوازی جیاواز بەردەوامە.

3- پاڵنەری سیاسی: زۆر جار کەسایەتییە سیاسییەکان بە شێوەی وەفد، یان بەشێوەی باڵیۆز و کونسوڵ دەنێردرێنە وڵاتان و ماوەیەک لەو وڵاتانە دەمێننەوە، ئەمەش بە مەبەستی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان دوو لایەن، دوو وڵات و... یاخود کەسانی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن زۆر جار لە وڵاتی خۆیان جێگەیان نابێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر وڵاتەکە زۆردار بێت، بۆیە ناچارن بچنە وڵاتانی دیکە و لە وڵاتانی دیکە ژیان بەسەر ببەن.

4- پاڵنەری گەشتیاری و کولتووری: مرۆڤ بوونەوەرێکە حەز لە گەشت و گەڕان و بینینی شوێنی نوێ دەکات، بەتایبەتیش لە سەردەمی ئێستادا وڵاتان برەو بە شوێنە گەشتیارییەکانیان دەدەن و هەوڵ دەدەن سەرنجی گەشتیاران بۆ خۆیان ڕابکێشن، بەم هۆیەشەوە مرۆڤ بەردەوام لە گەڕان و سووڕاندایە.

5- هۆکاری تەندروستی: وەکو گەشتکردن بۆ چارەسەر لە شوێنێکی پێشکەوتووتر، لەو شوێنانەی خۆیان لێی دەژین، یان گەشتکردن بۆ چارەسەری دەروونی و ئارامکردنەوەی خود و گەشت بۆ شوێنە لادێیەکان، یاخود هەڵاتنی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکان.

لە هەموو مەبەستە جیاوازەکانی گەشتکردنیشدا، کەسانێک هەن کە خۆیان نووسەر و ئەدیبن، یانیش کەسانی دیارن و ئارەزووی ئەوەیان هەیە گەشتەکانیان بنووسنەوە و ئەو زانیاریانەی کۆیانکردوونەتەوە، لەگەڵ خوێنەر و کەسانی دیکەدا بەشی بکەن، لێرەشەوەیە کە گرنگیی ئەدەبیاتی نووسینەوەی گەشتنامە بەدیار دەکەوێ و جگە لە خودی گەڕاڵ و گەشتیارەکان، خوێنەری گەشتنامەش گەشتێکی مەعنەوی لەگەڵ ئەم دەقانەدا دەکات.

### گەشت لە داهاتوودا:

تەکنەلۆژیا کاریگەری زۆری لەسەر ئەدەبیاتی گەشتنامە هەیە، لە سەدەی نۆزدەی زایینیەوە، ئەم شێوازە ئەدەبە، بەو شێوەیەی پێشتر هەبوو، بەرەو لاوازی چوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی هۆکارەکانی گەشتکردن و گواستنەوەی زانیارییەکان لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە ئاسان بوو، خەڵکان زیاتر دەتوانن هاتوچۆ بکەن و ئەو شوێن و وڵاتانە ببینن کە گەڕیدەکان باسیان دەکەن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئاخۆ لە سەردەمانی داهاتوودا گەشت و گەڕان چۆن دەبن و بۆ کوێ دەبن؟!

ڕەنگە پێشبینیکردنی گەشت و گەڕان بۆ سەردەمی داهاتوو ئاسان نەبێ، بەڵام بە وەرگرتنی ئەزموون لە گەڕان و گەشتەکانی پێشتر و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بۆ گواستنەوە و هاتوچۆ و نووسینەوەی گەشتنامەکان و بڵاوکردنەوەی لەسەردەمی ئێستا، دەشێ بتوانین جۆرێک لە پێشبینی بکەین.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، جگە لەوەی هاتوچۆ وردە وردە بەرەو ئاسانی دەچێت و هەموو کەسێک توانای هاتوچۆی هەیە، هەروەها گەشت و گەڕان تەنیا لەو ئاستەدا نەماوەتەوە کە مرۆڤ لە شوێنە پەنهانەکانی سەر گۆی زەوی بگەڕێت، بەڵکو حەز و ئارەزووی ئەوەشی بۆ پەیدابووە کە بەدوای نادیارەکانی دەرەوەی گۆی زەوییش بگەڕێت، بۆیە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ گەڕان و سووڕان بەدوای ئەوەی ئاخۆ لە دەرەوەی گۆی زەوی چیتر هەیە.؟! ئایا هیچ ئەستێرە و هەسارەیەک هەیە ژیانی تێدا بێت.؟! ئایا لە دەرەوەی گۆی زەوی بوونەوەری دیکە هەن، یان مرۆڤی وەکو ئێمە هەن.؟! ئایا مرۆڤ دەتوانێ جگە لە هەسارەی زەوی، شوێنی دیکەش بۆ ژیان بدۆزێتەوە.؟! ئەمانە ئەو پرسانەن کە دەبنە بابەتی گەشت و گەڕانەکانی مرۆڤ لە ئایندەدا و گەڕیدەکانی داهاتوو بەشێوازی سەردەمی خۆیان، گەشتنامەکانیان دەنووسنەوە، یاخود تۆماری دەکەن، چونکە بێگومان گەشتنامە تەنیا لەو ئاستەدا نەماوەتەوە کە بنووسرێتەوە و چاپ بکرێت، بەڵکو ئێستا یەکێک لە شێوەکانی تۆمارکردنی گەشتنامە، تۆمارکردنی ڤیدیۆیی و دروستکردنی فیلمی بەڵگەنامەییە.

### هونەری نووسینەوەی گەشتنامە

نووسینەوەی گەشتنامە، تەنیا تۆمارکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکان نییە، بەڵکو جۆرێکە لە هونەری نووسینیش کە هەم زانیاری تێدابێ و هەم چێژبەخش و سەرنجڕاکێشیش بێت، واتا یەکێک لەو خاڵە سەرەکییانەی گەشتنامە لە مێژوو و ئەدەب جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە نێوان هەردووکیاندایە، هەم زانیاریی مێژوویی تێدایە و هەم بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبیانەش دەنووسرێتەوە. بەهۆی ئەوەش کە نووسینەوەی گەشتنامە بنەما و قاڵبێکی دیاریکراوی نییە، بۆیە لە داهاتوودا گۆڕانی بەسەردا دێت و هەروەها لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەش جیاوازە. دەتوانین هونەری نووسینەوەی گەشتنامە بە چەند شێوازێک بخەینەڕوو.

شێوازی گوزارشتی ئەدەبی: گەڕیدەکانی ڕابردوو کەمتر گرنگییان بە گوزارشت و دەربڕینی ئەدەبی دەدا، ئەوکات زیاتر گرنگییان بە گواستنەوەی زانیارییەکان دەدا، بەڵام نووسەرانی دواتر و تا ئێستاش بە جۆرێکە، گەڕیدەکان ناچارن زیاتر گرنگی بە داڕشتن و شێوازی نووسینی هونەری و ئەدەبیی سەرنجڕاکێش بدەن، بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خۆیان ڕابکێشن و وەکو دەقێکی ئەدەبی بیخوێننەوە، چونکە ڕەنگە خوێنەرانیش سەردانی هەمان شوێنیان کردبێ، یاخود ئاسان بێ سەردانی بکەن.

هەوڵ و کۆشش و کات: گەشتیارانی سەردەمانی پێشوو ماندووبوونێکی زۆریان دەبینی و کاتێکی زۆریان پێدەچوو لە گەشتەکانیاندا، ئەویش بەهۆی سادەیی هۆکارەکانی گواستنەوە، بەڵام ئەمڕۆ هۆکارەکانی گواستنەوە زۆر جیاوازن و تەنانەت ئەگەر توانای دارایی لەبەردەست بێت، مرۆڤ دەتوانێ لە ڕۆژێکدا گەشت بۆ چەند شار یان وڵاتێکی جیاوازیش بکات.

ئاستەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە: جاران گەشتیاران نووسینەکانیان بە دەست دەنووسییەوە کە ئەمەش هەم هەڵگرتن و گواستنەوەی بۆ ئەوکات زەحمەت بوو، هەم مەترسی لەناوچوونی هەبوو. گەشتیار دەگەڕایەوە و ماوەیەکی زۆری دەویست تا نووسینەکەی پاکنووس دەکرد و ماوەیەکی زۆرتریشی پێدەچوو تا چاپی دەکرد، تەنانەت زۆرێک لە گەڕیدەکانی ڕابردوو بەوە ڕانەدەگەیشتن خۆیان گەشتنامەکەیان بە چاپکراوی ببینن و دوای مردنیان گەشتنامەکانیان بڵاوکراوەتەوە. بەڵام سەردەمی ئێستا هۆکاری بڵاوکردنەوە زۆر و ئاسانە، تەنانەت لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانرێ بە چرکە باس و بابەتەکان بڵاوبکرێنەوە و گەشتیار و گەڕیدە گەیشتە هەر شوێنێک، بە وشە و وێنەی جوڵاو باسی گەشتەکەی بکات و خەڵک ببینێ.

بەهەر جۆرێک بێت و لە هەر سەردەمێک بێت، گەشتنامە بە یەکێک لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی جوگرافیا و مێژوو و شارەزابوونی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە نووسەر خۆی بارودۆخەکەی بینیوە و تیایدا ژیاوە و تۆماری کردوون، بۆیەش چەندین گەڕیدە هەن کە لە مێژوودا ناویان دەرکردووە و گەشتنامەکانیان وەکو سەرچاوەی گرنگی مێژوویی و دەقی ئەدەبی چاویان لێ دەکرێت، بێگومان لە سەردەمی ئێستاشدا گەشتەکان تەنیا نانووسرێنەوە، بەڵکو بە وێنەی فۆتۆ و ڤیدیۆیی و بەشێوەی فیلمی بەڵگەنامەیی تۆمار دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش وەرگر/ بینەر زیاتر دەخاتە ناو ڕووداوی گەشتەکان و وەکو کەسێکی نیمچە بەشدار لە گەشتەکان، شتەکان دەبینێ.

**ژێدەرەکان:**

1- ادب الرحلات يمهد للتثاقف مع الشعوب- بقلم: سلوى الحمامصي، موقع: ميدل ايست اونلاين.

2- الحجاز في ادب الرحلة العربي- حافظ محمد بادشاه، الجامعة الوطنية للغات الحديثة، اسلام آباد-باكستان (2013).

3- مفهوم ادب الرحلة: مجد خضر، موقع: موضوع.



# خوێڕی

رەسووڵ سوڵتانی



گوتی حەز دەکەم دەستت بگرم... بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، نەرم دەستی خستە ناو دەستی و تەزوویەک بە هەموو گیانیدا گەڕا. گوتی.. نانا نەیگوت، بە خەیاڵیداهات و ویستی بڵێ: ئەوە یەکەم دەستێکە تەزوو بە گیانمدا دێنێ. شەش ساڵە دەستێکی نەرمونیان تەزووی بە لەشی مندا نەگێڕاوە.

دەیگوت بێزم لەو لەشەت هەڵدەستێ. ئەوە چییە دەڵێی گامێشی. ویستی بڵێ ئەرێ تۆخوا من لە گامێش دەچم؟ ئەو گوتی: لە ژیانمدا دەستی وا ناسکم نەگوشیوە. دەستت ترپەی ژیانی تێدایە... فرمێسک لە چاوییەوە لووزەی بەست. گوتی بۆ دەگری؟ زێدەڕۆییم کرد؟

گوتبووی: ئێ دە باشە ئەو هەمووە ناز و نیم نازەت بە کێ تەحەمول دەکرێ. من تاقەتی ئەو شتانەم نییە، کە هاتم خۆت ئامادە بکە... واز لەو نووزەنووزەش بێنە، حەز دەکەم تا تەواو دەبم بێدەنگ بی بێدەنگ، من بۆیەش چاوم دەنووقێنم حەز ناکەم بزانم لەگەڵ تۆ خەوتووم.

تەزووەکە پتر گیانی داگرت، نەیزانی خۆی دەستی ئەوی راکێشاوەتە نێو سینگییەوە یان... نا، ئەو زۆر شەرمنە خۆی دەست ناخاتە باخەڵمەوە. ئەوەتا بۆوەی دەستم بگرێ ئیجازەی وەرگرت...

هەمیشە ئیجازەی وەردەگرت. کە یەکەم رۆژیش لە فەیسبووکەوە چاتمان کرد، گوتی: ئیجازە هەیە سڵاو بکەم؟ لەبەرخۆمەوە لەوسەری دنیاوە پێکەنیم و گوتم: ئەوە چۆنە پیاوێک بۆ سڵاوکردنیش ئیجازە وەردەگرێ؟ ئاخر هەرچی پیاوی ئەم وڵاتەیە هەست دەکا چیی ژنە گانێکی پێ قەرزدارە و درەنگ یان زوو دەبێ بیداتێ. نازانم لەو سڵاوەوە بوو یان لەو چوارینەیەی ناردی، کەوتە بەردڵم... نازانم چەندەم جار بوو قسەی لەگەڵ دەکردم، نا من بووم قسەم لەگەڵ ئەو دەکرد، لە ماڵاواییدا نووسیی: ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ، دەڵێم سپاس و چاوە گەشەکانت ماچ دەکەم. چاوی گەشی من؟ یانی هەر ئەو دوو چاوە خەمبارەی لە وێنەی سەر فەیسبووکەکەمدایە؟ ئەگینا ئەو لە کوێ چاوی من دیتووە. دەی خۆ من بەس ئەوەم داناوە.

دەیگوت وێنەی خۆت دامەنێ. دایمەنێ، بۆ پێت وایە شاجوانی دنیای؟ دایمەنێ و ئەە. من رقمە لە پیاوی ئەم وڵاتە.

وەک بڵێی خۆی پیاوێک نەبێ لەوان؟ گوتم: پێم خۆشە رقتە لێیان، چونکە خۆت لە هەمووان باشتری. گوتی: بۆ خراپم؟ نانت نادەمێ؟ ئاوت نادەمێ؟ بە مستەکۆڵە لە دەمت رادەکێشم...؟ بێدەنگ بووم. گوتم: هەقی خۆتە، لێی راکێشە، ئەو دەم و زارەی لە ناهەق بێدەنگ دەبێ، هەر بۆوەی باشە بە مستەکۆڵە لێی راکێشی. خوا خوام بوو زوو ملی بشکێنێ بچێ بخەوێ و سەرم بخەمەوە سەر کتێبەکان، یان دەرگای بەهەشتەکەم بکەمەوە. بەهەشتی فەیسبووک...

من لە رۆحی ونبووی خۆم دەگەڕام، بەڵام پێم وانەبوو ئەو رۆحە لە جەستەی پیاوێکدا هەیە، چونکە من لە سووکایەتی بەولاوە هیچم لە پیاو نەدیتبوو. ئیتر پێم وابوو هەرچی پیاوە، یان وەک ئەوەی خۆم، ژن بە بەردی ئاودەست تێگەیون، خۆی لەسەر بەتاڵ بکەنەوە و حەزیان لە جەستەی هەموو ژنی دنیایە هیی خۆیان نەبێ، یان وەک مودیرەکەی.... نا با ناوی نەڵێم، بێزم لێی دەبێتەوە. ئەو رۆژە کە چووم هەر دوو سکرتێرەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو، دەستێکی لە باخەڵی یەکێکیان و دەستەکەی دیکەی لە نێوگەڵی ئەویتریاندا بوو. ئیدی پاشەوپاش گەڕامەوە و گوتم: گوو بەو مووچەیەی لێرە وەردەگیرێ، ئەوانیش واقوڕماو هەر سەیریان کردم و من بەپەلە خۆم گەیاندەوە دەرێ و هەر ئەو رۆژە ژمارەی تەلەفۆنەکەشم گۆڕی. جا لەسەر ئەو ژمارەگۆڕینە نازانی چ پەندێکی بەسەر هێنام. من نەمویست راستییەکەی پێ بڵێم. ئاخر هیی ئەوەی نەبوو راستیی پێ بڵێی. تا تۆم ناسی بڕوا بکە قەت پێم وانەبوو پیاوێک هەیە لەسەر ئەم گۆی زەوییە بکرێ متمانەی پێ بکەی. خۆی وای لێکردم شتی لێ بشارمەوە. گوێی لێ رانەدەگرتم. گاڵتەی بە هەموو ئەو شتانە دەهات کە من حەزم لێیان بوو. گاڵتەی بە شیعرەکانم دەکرد. ئەوە بە ملی شکاوی خۆیشی بە شاعیر دەزانی. دەیگوت کەس لە من هونەرمەندتر نییە. شاعیرم، دەنگم خۆشە. راست دەکا دەنگی خۆشە، بەڵام چیی من حەزم لێیەتی ئەو فشەی پێ دەکا. هەموو جارێ دەڵێ: کریستۆف کۆلۆمب لە بارەی نانەوە قسەیەکی هەیە. نیچەی ئامۆژات لە شانامەی فێردەوسیدا... یان: بەپێی ئەو تیۆرییەی لەو کتێبە زل زلانەی تۆدایە ئەمڕۆ کەروێشکێکی سپی ئەگەر بتوانێ سی و پێنج مەتر باز بدات، ئەوە بەو مانایەیە حکوومەتێکی تازە دامەزراوە... منیش گوێم نەدەدایێ، تاقەتی شەڕم نەبوو، یەکسەر دەچوومە چێشتخانەکە و خۆمم بە شتێکەوە دەخافڵاند...

ئەوە یەکەم دەستێکە قژم دەلاوێنێتەوە و نەرم بە لاڕوومەتمدا دێتە خوارێ. ئەوەشی هەر لە دڵی خۆیدا گوت. دەستی چی، دەست لە هیچ کوێم نادا، مەگەر جاروبارە ئەویش بەس بۆ سووکایەتی، پەنجەیەک بەوێمدا دەکا. خۆ بە من بێ ئەو پەنجەیەی ورد ورد بئەنجنم. با هەر دەستم پێدا نەهێنێ. ئاخ، تازە ئەم دەستانە تێیانگەیاندم کە دەستی پیاو چ ئاگرێکی پێوەیە. ئاگرێکی فێنک فێنک، دەی ئەگەر وایە بۆ ناوی بنێم ئاگر. نا دەستی هەمووان وا نین. هەر ئەم دەستانە وان. ئەم دەستانە دەڵێی شیعرن بەسەر قژمدا دێنە خوارێ. لە فەیسبووکەکەشیدا وێنەیەکی دانابوو، ئافرەتێک بوو قژی بەدەم شنەی باوە دەشنایەوە و هەر تاڵێکی ببووە دێڕە شێعرێک..

گوتم: ئەوە زۆرت حەز لە قژە؟ گوتی: من حەزم دەکرد هەموو موودەمارەکانی لەشم قژی ئافرەتێک بوایەن کە شیاوی خۆشەویستی بێ.

گوتم: یانی پێت وایە هیچ ئافرەتێک نییە شیاوی خۆشویستن بێ؟ گوتی: نا وام نەگوتووە، بەڵام ئافرەتێک هەبێ جەماڵ و کەماڵی هەبێ.

گوتم: یانی جوانیش بێ و کابانێکی باش و چێشلێنەرێکی دەستاوخۆشیش بێ؟

پێکەنی و گوتی: خراپت ناسیوم. من حەزم لێ نییە کۆیلە و کارەکەرم لە ماڵەوە هەبێ. جەماڵ و کەماڵی ژن لای من بڕوابەخۆبوون و لەسەرخۆبوونی ژنێکە ئاشقی کتێب بێ و بەدەم پەروەردەکردنی خۆیەوە، منیش پەروەردە بکا... ژنێک کتێبی لە ئاڵتوون و خشڵ و بەرموور خۆشتر بوێ...

یەک بە ماڵەکە نەڕاندی: کەی بتبەم بۆ شێتخانە بەو کتێبانەوە؟ قاپ و کەوچکی سەر قاپشۆرەکەت جوانە... هەر کتێب بخوێنەوە و زمانت درێژ بکە. دەتبینمەوە... دوێ شەوێش شەرمی لەخۆی نەکرد، گوتی: تۆ کتێبت بۆیە خۆش دەوێ بەو بیانووەوە دەچی پیاوە نووسەرەکان دەبینی. هاتمە دەنگ و گوتم: باشە خۆ تۆیش شاعیری، بۆ کارێکی وات کردووە حەز بکەم لەگەڵ نووسەر و شاعیری هەموو دنیا دانیشم جگە لە خۆت؟

گوتی: هەر بەراست؟ ئەوە ئیعترافێکی جوانە، یانی هەموو دنیا لە من بە پیاوتر دەزانی؟ ها خوێڕی؟ من سمۆرەکەم لە دنیا پیاوترە...

تاقەتی چەقەچەق و شەڕی ئەوی نەمابوو، هەستا چووە ژوورەکەی دیکە و بیری لەوە دەکردەوە و دەیگوت: ئاخۆ خوێڕی ئەو کەسەیە کە سووکایەتی بە ژنەکەی دەکات و نازانێ پێی بڵێ خۆشمدەوێی؟ یان ئەو ژنەی خۆی بە رووناکبیر دەزانێ و دادەنیشێ سووکایەتی و کۆیلایەتی قبووڵ دەکا؟ من، یان ئەو... کاممان؟